
شیعر



عەباس عەبدوڵلا یووسف

# باقەیەک هۆنراوەی تاکدێڕی

* کە بازاڕ وایە، شێر ناچارە کا بخوات و ناچاریشە هەندێکی لێ کاوێژ بکاتەوە.
* بەراز دەپژمێ مشک لە لووتی دەردەپەڕێ، مشک دەپژمێ کرم لە کەپووی بەردەبێ، کرم دەپشمێ (هتد...) تا هەتایە پەکی دەکەوێ.
* لەسەر لاتەنیشت ڕاکشاوم بە لێزمە هزرم بەسەر دادەڕژێ، سەر گازەرای پشتیشم تاقی نەکردۆتەوە.
* بەدوایدا، من غار ئەو غار، ئەو کەوتە چاڵێکەوە، منیش هەر وا غار دەدەم.
* هەر دانەیەکی دە پەنچەی دەستم.... دانایێکە و لێ ناگەڕێ دانەکانم ببنە کەڵبە.
* بەناو لوولەی دوکەڵکێشەوە فریشتەکان دابەزین، پەروباڵی سپییان بە تەنی بوو، خێرا خێری خۆیان بەو ماڵە هەژارە کرد و لە گەڕانەوەدا پۆلیس داوای ناسنامەی لێکردن.
* باوک دوببە... دایک جافیلۆک، کۆرپەلەی ناو پزدانیش .ئیللان بیللان دەیەوێ بەناو کونی دەرزی تێپەڕ بێ.

* چووم چەند کیلۆیەک بیبەری تیژی لێ بکڕم، تەڕەفرۆشە نەخوێندەوارەکەی گەڕەک لێمی پرسی: تۆ هاملێت نی؟!

* به بچووکی لاسیم خۆش ویستبوو، به گەورەییش هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ ناکەم.

* هێشتا دەرەوەی سەر، لە مێشک بە مێشکترە.

* لەسەر ڕۆخی دەریا چاوەنۆڕ بووم نەهەنگەکە بێتە دەرەوە، بیست و یەک فلس قەرداره بمداتەوە.

* هەڕەشەی لێکرد: وێنەخنکێنت دەکەم.

* ٣٩١٨٠٤٦ نامەی دڵداری بۆ ڕەوانەکرد، لە دوانامەدا بۆ یارەکەی نووسیبووی ببووره من ئاشقی تۆ نەبووم، من ڕاهێنانی نامەنووسیم دەکرد.

* پەتای دەردی ئابووری شارستانیەکانە، گوندانییەکانیش بەناو کێڵگەی توور و سلق و تەماتەدا ڕاکەڕاکەیانە.

* زۆرم برسی بوو، نانەکەی خۆی لەت کرد و دایمێ، وتم سوپاس، شێوەت ئاشنایە، وتی: بەڵێ ئەمازیغم.

* بە قەڵەمی سۆفتی سوور بەژێر ناوەکانیانەوە دەماژێنن: قاوەخۆر و چاخۆر و لاتی ناو گەراج و سەرشۆستەکان، زۆر باسی سیاسەت دەکەن.

* چێڵێک بە زمانی دەیلێستەوە، بیری هاتەوە چی خوێندۆتەوە لە ستوون دووی لاپەڕە ٨٩ی کتێبی گەپنامەدا لە بارەی پەیوەندییەکی بەجۆشتر لە نێوان گیاندار و مرۆڤ.

* بەرمان دەریایە و پشتمان هەرایە... ڕەنگە بە گوتارێکی تاریق بن زیاد بچێت، بەس دەریاکەی ئێمە بۆ زەوقە، هەرایەکەش ئی سەما و مۆسیقایە.

* کارەبای ناو مووی سەرم بووە برادەری کارەبای ناو کۆمپیوتەر، کەچی خۆم ساڵێکە دەگەڕێم، برادەرێکی ئەنتەرنێتم نەدۆزییەوە.

* ماشەڵلا ! هونەرمەندێکی کارامەیت بە ئاو کۆپەیکەری سووتانی بازاڕی لەنگەت بەرجەستەکرد.

* ئاو نێرڤاندی، پاشان هات و بە عەشقەوە تۆی خنکاند.

* لە کۆنی ئۆزۆنەوە جەڕەیەکی لیرەی سوورم بەسەر داباری، چ سوود! پێمکەوت

**و دەسبەجێ مردم.**

*** کەپوو ڕۆمانییە، بەس ئافرەتێکی لووتبەرز نییە .**

*** قەیرەیە و رقی لە سابوونی رەقی نییە،**

*** لە جیاتی بکەومە ناو ئاو، لە گابەردی ڕۆشەوە خۆم تێهەڵدا ستوونانە بەرەو ئاسمان هەڵفڕیم.**

*** بە پارچە موگناتیزی کۆنە ڕادیۆیەک، بە پێداهێنان هەرچی پەیکەری جەستەدار هەبوو کردمن بە ڕیلیف.**

*** تۆپانێیان بە یۆتۆپیا کرد.**

*** نێوان تاکدوویی و کۆدوویم، پەڕێکی کلینکسە.**

*** لە ئەفسوونی ئارگا گەیشتم: خۆم ببمە پاسەوانی ئارگۆن.**

*** کەڵەبابێکی کەرمەشانی، گایەکی ئیسپانی، ئەژدیهایەکی چینی و کوللەیەکی سعوودی هاوکات هەمان خەونیان بینی.**

دوببە: قەڵەو (بەزاری منداڵان)

جافیلۆک: ڕەق و لاواز

لاسی: سەگێکی بەناوبانگە، گۆێرایەڵ و جوانە پاڵەوانی زنجیرەی تەلەفزیۆنە بە ناونیشانی خۆی منداڵان زۆر حەز بە بینینی دەکەن

ئەمازیغ: گەلێکە لە چەند وڵاتێکی باکووری ئەفریقیا دەژێت.

تاریق بن زیاد: سەرکردەیەکی ئیسلامە. گوتارەکەی بەناوبانگە: دەریا لە پشتانە و دوژمن لە پێشتانە.

نێرڤاندی: لە (نێرڤانا)وە هاتووە،

ئارگا: ئاگردان

ئارگۆن: ڕەنگی ئاگر

ڕۆشە: شوێنێکی گەشتوگوزارییە، نزیک بە دەراوی ناوچەی ڕۆشە لە لوبنان، بریتییە لە جووتە گابەردێکی لێکجودا لەناو دەریای ڕۆژئاوای بەیرووت قیت دیارە

ڕیلیف: پەیکەری نیمچە دەرپەڕیو.